# نەژنـــان نـە ئـــافـرەتـــان

**خەرامان محەمەد**.......................

ماوەی چەند مانگێک لەمەو بەر پاش لابردنی وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری ژنان و کەمی ژن لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ودەربڕینی ناڕەزایی لەلایەن هەندێک لەڕێکخراوەکانی ژنان و داکۆکی لێکارانی، لەسەروبەندی هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بیرۆکەی پەیامێکی بۆپێکهێنانی لیژنەیەک یان ئەنجومەنێکی باڵا بۆژنان ڕاگەیاند، ئەوەبوو نوێنەری ڕێکخراوەکانی ژنان لەتۆڕی هاوبەشدا لەسلێمانی چەند کۆبونەوەیەکیان بۆتاوتوێ کردنی ئەو مەسەلەیە ئەنجامداو بەوردی ئەوانیش و ڕێکخراوەکانی ژنانیش چاودێری و بەدواداچونی بەردەوامی مەسەلەکەیان کرد.
ئەوەی لەکۆبونەوەکان و لەوۆرک شۆپەکەی تایبەت بەو پرسەدا باسی لێوەنەکرا ناوی ئەنجومەنەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی ناوی خانمان بوو، کەدەبوو سەرجەم ئامادەبوان ئەو پرسیارەیان بکردایە کەلەبەرچی و بۆچی ناوی خانمانی لێنراوە، مەخابن برینێکی ناسۆر هەیە جارجارە سەرهەڵدەداتەوە و بۆتە مۆتەکە بەگیانی ئێمەی ژنان، ئەویش برینی دەرئەنجامی ئەو ململانێ سیاسیەیە کەڕێکخراوەکانیش بێ بەش نەبوون لێی و زۆرجار لێیان تێک دەچێ کەناوەڕۆک و خەبات گرنگە نەک (ناو).
(نەژنان نەئافرەتان) ئەو دوو وشەیەی کەخەریکە دەبنە مۆتەکەی ڕێگری لەبەردەم بەرەو پێشچونی بزوتنەوەی ژناندا (نەژنان نەئافرەتان)پاش ١٨ساڵ لەخەباتی ڕێکخراویی ژنان ئازاری دەروونی ژنانی ئەم هەرێمە دەدەن و بونەتە جیاوازی و ململانێیەکی نێوان (یەکێتی ژنان و یەکێتی ئافرەتان) کەزۆرجار ئەو قەوانە لێ دەدرێتەوەو بەرگوێمان دەکەوێت و لەکاتی دروست بوونی هەرگروپ و لیژنەیەکی تایبەت بەژناندا ئەوەندەی لەخەم دارشتنی پلان و بەرنامەی تۆکمە و گونجاوی پرۆژەکەدا بین، دەبێت بەقەدەر ئەوەش لەخەمی دۆزینەوەی ناوێکدا بین نەژن بێت نەئافرەت ئەوەتا لەبەر نەهێشتنی ئەو جیاوازی و ڕێک نەکەوتنەی نێوان ئەو دووڕێکخراوە جارێک ناوی (لیژنەی مێینە) و جارێک (ئەنجومەنی خانمان).خواش دەزانێت بۆلیژنەو گروپەکانی داهاتووش چ ناوێکمان بۆدەدۆزنەوە، کەسەرئەنجامی ئەمانەش ئێمەی سەرجەم ژنان ڕووبەڕووی تانەو لۆمەی پیاوان و تەنانەت زۆرێکیش لەو ژنانەی چاویان لەئێمەی ڕێکخراوەکانە داخوازیەکانیان بۆبهێنینە دی دەبینەوە و پێمان دەڵێن ئێوە لەسەرناولێنانێک جیاوازیتان هەیە و ڕێک ناکەون و بارگرژی دروست دەکەن ئیتر چۆن بتوانن داخوازی و مافی مافخوازان دەستەبەربکەن.
بۆیە دەکرێ وەبیر سەرجەم ژنان و ڕێکخراوەکان بەتایبەت هەردوو ڕێکخراوی (یەکێتی ژنان و یەکێتی ئافرەتان) بهێنینەوە کەگرنگ ناوەڕۆک و خەباتە بۆژنان نەک ناو نازناو وەپێویست بوو ئەوان خۆیان ئەوەیان قبوڵ نەبوایە و ئەو جیاوازیانەیان نەهێشتایە، چونکە لەپەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراوەکانو دیاری کردنی ستراتیژی کاریاندا بڕواناکەم لەخزمەت و خەبات زیاتر شتێکی دی تیابێت، ئیستاش کاتی ئەوە هاتووە و پاش بەستنی ئەو هەموو کۆنگرەو و کۆنفرانس و کۆبونەوە جۆراو جۆرانەی بەمەبەستی برەودان بەڕەوشی کاری بزوتنەوەی ژنان ئەنجام دەدرێت هەڵوێستەیەک لەمەڕ ئەو مەسەلەیەدا بکرێت و ئەو دووڕێکخراوەش بەتایبەت بۆڕای گشتی بڵاوبکەنەوە و بیسەلمێنن کەدروشمی ڕێکخراوەکان خزمەتە بەکۆمەڵگاو توێژی ژنان و بنەبڕی ئەو جیاوازیەش بکەن.
لەڕاستیدا ئەوەی هۆکاربوو بۆئەم نوسینە ئەوەبوو لەژمارە (٢٠٦)ڕۆژنامەی (ڕێوان)دا ڕیپۆرتاژێک بڵاوکراوەتەوە کەڕاو بۆچونی چەند کەسێکی تێدایە سەبارەت بەپێکهێنانی ئەنجومەنی خانمان و لەبڕگەی کۆتایی بەدوادا چوونەکەدا کەبە (ئەنجومەنی نەژنان نەئافرەتان) نوسراوە، تیایدا هاتبوو دەڵێ: (وەک لەڕاگەیانراوەکەدا هاتووە ناوی ئەنجومەنەکە بەناوی ئەنجومەنی (خانمان)ەوەیە ئەمەش وەک یەکلایکردنەوە بۆخۆدەربازکردنی ململانێیەکی درێژخایەنی نێوانیان وشەی ژنان وشەی ئافرەتان هەربۆیە وشەی (خانمان) دانراوە.
وەپاشان هەرلەم بڕگەیەدا ئاماژەی ئەوەی تێدایە کەخاتوو ئاسۆس نەجیب وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لەلێدوانێکیدا بۆڕۆژنامەی (ڕووداو) لەسەر جیاوازی نێوان هەردوو وشەکە وتویەتی (ئێستا ژنان و ئافرەتانمان کردوە بەخانمان و ئەو جیاوازیەمان نەهێشتوە). منیش دەپرسم ئایائەمە نەنگی نیە بۆئێمەی ژن؟



**پاش بەستنی ئەو هەموو کۆنگرەو و کۆنفرانس و کۆبونەوە جۆراو جۆرانەی بەمەبەستی برەودان بەڕەوشی کاری بزوتنەوەی ژنان ئەنجام دەدرێت، کاتی ئەوە هاتووە هەڵوێستەیەک لەمەڕای گشتی بڵاوبکەنەوە و بیسەلمێنن کەدروشمی ڕێکخراوەکان خزمەتە بەکۆمەڵگاو توێژی ژنان**

---

# لەحیکمەتەکانی خەم و خەفەت

**ن/ ژنێک لەوسەری مەوداکانی خەمەوە**

لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و لەنوسینەکاندا باس لەخەمو خەفەت و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی دەکرێت، بێ ئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان (خەم و خەفەت)دا، لەزمانی عەرەبیدا (حزن) واتە خەفەت، (هم) واتە خەم.
خەم سیفەتێکە دەبێت لەهەموو کەسێکدا هەبێت، بۆنمونە قوتابی دەبێت خەمخۆری خوێندنەکەی بێت، مامۆستا بۆپیشەکەی...دایک و باوک بۆمناڵەکانیان... هتد، کەواتە دەبێت هەموو کەسێک خەمخۆری سنورەکانی خۆی بێت، گەروانەکات بەکەسێکی کەم تەرخەم دەناسرێت، بەڵام خەفەت جیاوازە، بێ ویستی خۆمان ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، وەک کارەساتەکان و کێشەکان و لەدەستدانی خۆشەویستان و ...هتد.
گەر مرۆڤ ئاگاداری خۆی نەبێت ئەوا کاریگەری لەسەر دەروونی دروست دەکات، خەم و خەفەت ئەو پاڵە پەسۆیە دەخاتە سەردڵ، تاکو پەلکێشی بکات بۆجیهانێکی جیاواز لەوجیهانەی بەرجەستەیە و ئاڵووالایە، ئیدی لەوێشەوە سەیری هەموو شتەکان دەکات، زۆرجار کەسانی خەمبار بێ وسیتی خۆیان دەیانەوێت وێنەی ناخی خۆیان بکێشن، کەپاڵە پەستۆی خەمی لەسەرە، لەشێوەی ئاخ و ئۆف و هەناسە هەڵکێشان دەری ئەدەن، یان دەیکەنە گەورەترین ئیلهامی کاریان.
تاخەمەکەشی گەورەتربێت، بەهێزتر دەبێت، خەم پێویستی ژیانە، بەڵام خەمەکان ڕەنگاو ڕەنگن، (خەمی مناڵێک بۆکڕینی بوکە شوشەیەک و خەمی گەنجێک و خەمی ژنێک و خەمی سەرۆکێک و خەمی هەژارێک و خەمی شاعیرێک و ... زۆرجیاوازن).
خەم نیشانەی توانای خاوەنەکەیەتی، گەرخەمەکەی گەورە بێت ئەوا گەورەیی خاوەنەکەیەتی، خەمی بچوکیش نیشانەی لاوازی خەم خۆرە، و گەر هیچ خەمی نەبوو ئەوا لاوازترین کەسە، بۆیە قسەو باسی کەسانی بێ خەم لەهی ئەو مناڵانە دەکات کەهێشتا دنیایان نەناسیوە بەخەم و خەفەتەکانیانەوە.
خەفەت ئەو وێستگەیەیە کەلەژیاندا ڕامان ناگرێت تاکو بیرلەو ڕۆژانە بکەینەوە کەقەدرمان نەگرتن و ماچ بۆئەو ڕۆژانە بنێرین کەبەجێمان هێشتن.
چیدی بەهەرزەیش سەیری ڕابردوومان نەکەین، بەڵکو چاوەڕێی سەدان گرفت و کێشەبین. خەم و خەفەتەکان دەبنە وێستگەیەک بۆهەڵەکانی مرۆڤ، یان دەبنە وانەیەکی بێ دەنگ و هەڵەکانی پێ ڕاست دەکەینەوە. هەربۆیە بۆئەوەی مرۆڤەکان میهرەبان بن، دەبێت جاروبار لەنزیکەوە ژووان لەگەڵ خەمدا ببەستن. نەبادا ببنە مرۆڤێکی ترسناک بیر لەدەسەڵات و ئارەزووی ئاژەڵانە بکەنەوە.
مرۆڤ لەژیاندا وەک پاڵەوانی یاری بۆکسێنە، بەڕاهێنانی ئەوبەرگریەی وەریگرتووە کەبەرگەی بۆکسەکانی بەرامبەرەکەی بگرێت، ئەگینا دەبوو لەگەڵ یەکەم بۆکسدا بکەوتایە.



گرفت و خەمەکان تاکە ڕاهێنەرن کاتێک یاری لەگەڵ زەمەندا دەکەین، گەر پێشتر ڕانەهاتبین ئەوا لەگەڵ یەکەم دەست وەشاندنی زەمەندا ئیدی نەمان دەتوانی جارێکی دی چاو بەدونیا هەڵبێنین. بابزانین خەمیش تەنها پەیامی لاوازی و قژ ئاڵۆسکاوی و ڕەنگ زەردی پێنیە، وەک ئەوکەسەی لەزینداندا ئازاددەبێت، بەچاوی بچوکی ئێمە ڕوخاوە... بەڵام بەپێچەوانەوە پێدەچێت کەسایەتیەکی تەواو جیاواز لەناخیدا دروست بوبێت، جیاواز لەپێش چوونە ناوزیندانی، دیدار لەگەڵ جەندرمەو گەڕان بەنێو ڕۆژانی ڕابردوویداو وەستان لەسەر وێستگەی هەڵەکان.
خەم و خەفەت گەورەترین ئیلهامی نوسەران و هونەرمەندان و نیگارکێشانن، هەوێنی کارو ئاواز و نوسینە جوانەکانیانە، هەتا گینگڵ بدەن لەنێو ئازاروخەمدا بەرهەمەکانیان جوانترو ناسکتردەبن. وەک مرواری ناو دەریا، جەماوەریش دەبنە عاشقی کارەکانیان، لەزۆرماڵدا تابلۆی مناڵێکی هەژار کەفرمێسک بەچاوەکانیەوە قەتیس ماوە یان پیاوێکی هەژار..یان کچە کارەکەرێک بەرچاومان دەکەون.
یان ڕۆژانە سەیری سیناریۆ تراژیدیەکان دەکەین و گوێ بۆخەمگینترین ئاوازو شیعرو مەقام دەگرین. پێدەچێت خەم چێژێکی هەبێت وەک تاڵی قاوە یان زەیتون، گەر خەمی فیراقی (عەمبەر خاتوون) نە با، مەولەوی ئەو غەزەلە جوانانەی بۆریز نەدەکران، موکری خەمی کوردایەتی و (کەرکوک) ڕۆمانی هەرەسی پێنوسی، یان خەمی قوڵی هەڵەبجەو ئەنفال و کۆڕەو نەهامەتیەکانی کورد...چەندان شیعرو تابلۆو دەقی شانۆو کورتە فیلم و ڕۆمانی لێ لەدایک بوون، کەتا ئەبەد هونەرمەندی کورد قەرزارباری خەمەکانی کوردن، تائەبەدیش کۆڕو پێشانگاکانیان خاڵی نابن لەم دیمەنانە. بێگومان "بیکاسۆ"ش خەمی ئەو تابلۆ ڕەنگینانەی کێشا.
دەبا دەرگای دڵمان بخەینە سەر پشت... باخەم و خەفەت بەخۆیان و حیکمەتەکان و پەیامەکانیانەوە بێن و ئەو وانانەمان فێرکەن، کەتەنها ئەوان دەتوانن لەقوتابخانەی ژیان فێرمان بکەن.
بالەدەرگای دڵمان بدەن و ڕوخسارمان پیربکەن، بەڵام کەسایەتیەکی بەتوانا لەناخماندا دروست بکە ن و شیعرو چیرۆکی ناسکمان پێ بنوسن. خەم پەیامێکە بۆکەسانی ئاقڵ و بەتوانا، لاوازەکان سود لەخەم وەرناگرن وەک چۆن دەم و چاوی لاوازکردن، هەرئاوا لەناخیشەوە لەناویان دەبات بەرەو ڕوخانێکی ئەبەدی پەلکێشیان دەکات.